# سەرۆک وەزیران:حکومەت کار دەکات بۆ پەرەپێدانی ژینگەی وەبەرهێنان



سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ یەکشەممە لە شوێنی مانەوەی خۆی لە ڕیازی پایتەختی سعودیە پێشوازی کرد لە سەرۆکی کەمپانیای تێتاڵ ئینەرجیزی فەڕەنسی پاتریک بیەنە.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران باڵوی کردەوە لە میانەی دیدارەکەدا گفتوگۆ لەسەر ئەو پڕۆژانە کرا کە لەلایەن کەمپانیاکەوە جێبەجێکراون لە کەرتی وزە و کەرتەکانی دیکەی پەیوەست بە کەرتی وزەوە، بەتایبەتی لە کەرتی غازی هاوڕێ و نەوت و وەستگەی بەرهەمهێنانی کارەبا بە وزەی خۆر، سەرۆکی کەمپانیای تێتاڵ ئینەرجیز جەختی کردەوە کە کەمپانیاکەیان هیوادارە قەناغی یەکەمی پڕۆژەی کارەبا بە وزەی خۆر لە ساڵی داهاتوودا تەواو بکات و قەناغی یەکەمی پڕۆژەی وەبەرهێنانی غازی هاوڕێ لە هەمان ساڵدا تەواو بکات، بە توانای بەرهەمهێنانی 50 ملیۆن پێ سێجا لە وزەی دیزاینکراوی کە دەگاتە 300 ملیۆن پێ سێجا.

هەروەها لە دیدارەکەدا باس لە تواناکانی سوود وەرگرتن لە ئاوی پڕۆژەکانی پاککردنەوەی ئاو کرا کە بڕیارە لە بەسرەوە دەست پێبکات، لەو پڕۆژە نەوتیانەی کە کەمپانیای تێتاڵ ئینەرجیز تێیاندا کار دەکات.

سەرکی ئەنجومەنی وەزیران جەختی کردەوە لەسەر دابینکردنی هەموو پێداویستییەکانی سەرکەوتنی کەمپانیای تەتال ئینەرجیز لە کارکانیدا و حکومەت کار دەکات بۆ پەرەپێدانی ژینگەی وەبەرهێنان و باشترکردنی دەخڵکی لەگەڵی یاسای پاڕێزگاری کراوە، ئەم جگە لە ئەو گرنگییەی کە پڕۆژەکانی کەمپانیاکە نوێنەرایەتی دەکەن بۆ عێراق .